سەرۆک کۆمار جەخت دەکاتەوە لەسەرپتەوکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و بەریتانیا

سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ سێشەممە، جەختیکردەوەسەر مکووڕبوونی عێڕاق لەسەرپتەوکردنی ڕێچکەی هەماهەنگییەکان لەگەڵ بەریتانیا. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لەبەیاننامەیەکدا بڵاوبکردەوە,, کە سەرۆک کۆمار پێشوازیکردلە باڵیۆزی بەریتانیا لەعێڕاق ستیفن هیتشن.

سەرۆک کۆمارلەدیدارەکەدا جەختیکردەوەسەر مکووڕبوونی عێڕاق لەسەر پتەوکردنی هەماهەنگییەکان لەگەڵ بەریتانیا.

ئاماژەشی کرد بەگرنگی چڕکردنەوەی کۆششە نێودەوڵەتییەکان بۆ پتەوکردنی ئاشتی و سەقامگیری، وتیشی سەرۆکایەتی کۆماربەبەردەوامی کاردەکات بۆ کۆتاییهێنان بە مەلەفی ڕاگیراوان ئەویش لەڕێگەی ئەو لێژنەیەی کە پێکهێنراوە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارو هەردوو وەزارەتی ناوخۆو دادو ئەنجومەنی باڵای دادوەری وتاکوئێستاش نۆهەزار ڕاگیراو ئازادکراون.

هەروەها سەرۆک کۆمارپێداگری کرد لەسەر بەدووداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لێژنەی مادەی 140ی دەستووری ویەکلاکردنەوەی کێشەکانی زەویە کشتوکاڵیەکان وگۆڕانکاریە دیمۆگرافیەکانی ناوچەکە.

بەیاننامەکە ئاماژەشی بەوەکرد کە سەرۆک کۆمارلەدیدارەکەدا باسی لە کێشەکانی نێوان هەرێم و

بەغدادکردووە و ڕوونیشی کردووەتەوە کە لەلای هەردوولا ئیرادەیەک هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان بەگفتووگۆ بە خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان.

لەلایەن خۆشیەوە باڵیۆزی بەریتانیا جەختی لە پشتیوانی حکومەتی بەریتانیا کردەوەبۆ کێششەکانی عێڕاق لە سەقامگیرکردنی ناوچەکە، پێداگریشی کردلە ڕۆڵی تەوەرئامێزی عێڕاق لە پتەوکردنی بنەماکانی ئاشتی و ڕۆڵی سەرەکی کەمارلەنزیککردنەوەی بۆچوونەکانی نێوان هێزەسیاسیەکانی عێڕاق.